
کتێبخانەی یادگار

حسێن پەناهی

# ئەڤینم خۆش دەوێت،
# بەڵام لە ژن دەترسم!



وەرگێڕانی:
توانا ئەمین

# ئەڤینم خۆش دەوێت، بەڵام لە ژن دەترسم!

حسێن پەناهی

وەرگێڕانی: توانا ئەمین

ئەم کتێبە لەم سەرچاوانەوە کراوە بە کوردی:

* جهان زیرسیگاری من است
نشر: آناپنا، چاپ ۱، ۱۳۹۲

* به وقت گرینویچ
نشر: دارینوش، ۱۳۹٤

* نامه های به آنا
نشر: دارینوش، چاپ ۳، ۱۳۸۹

* افلاطون کنار بخاری
نشر: دارینوش، چاپ ٤، ۱۳۹۱

* من و نازی
نشر: دارینوش، چاپ ٤، ۱۳۸۹

* سلام خداحافظ
نشر: دارینوش، چاپ ٥، ۱۳۹۳

* نمی دانم ها
نشر: دارینوش، چاپ ۳، ۱۳۸۹

هەروەها چەند نووسینێکی پەڕاگەندە لە وێبسایتی فەرمی نووسەر و ماڵپەڕە فارسییەکاندا.

ئەم وەرگێڕانە بۆ:

هەرمێ

تەنها بەهانەی ژیانی من!

## پیاوێک

## کە لە هیچ کەسێک ناچێ..

پەناهی کێیە و بۆ ئەم کتێبە؟

شاعیر و هونەرمەندند حسێن پناهی، لە کەشوهەوایەکی گوندیدا لە ئاوایی (دژکوە)ی سەر بە شاری (سوق)، لە پارێزگای (کهگیلویە و بویراحمد)ی ئێران ساڵی ١٩٥٦ لەدایکبووە، -ئەگەرچی پشکنینی DNA لە پاش مەرگی دەریخست ئەو ساڵە هەڵەیە و لە ١٩٦٠ لە دایکبووە.

هەر لە منداڵییەوە دەنێردرێتە بەر خوێندنی ئاینی، تا فەقێیەتی و خوێندن لە حەوزەی ئاینیی قوم و بوون بە مەلا.

ڕۆژێک ڕووداوێک ڕوودەدات و وا دەکات؛ حسێن دەست لە مەلایەتی هەڵبگرێ، بەسەرهاتەکە بەو شێوەیەیە کە ژنێکی گوندیی دێتە لای و لێی دەپرسێ مشکێک کەوتۆتە هیزە ڕۆنەکەیەوە، ئایا ئەو ڕۆنە پیس و گڵاو و حەرام بووە یان نا، پەناهی دەزانێت کە بووە، بەڵام لەبەرئەوەی ژنەکە زۆر دەستکورت و هەژار دەبێ، ناوێرێت

ڕاستییەکەی پێ بڵێ، بەڵکو دەڵێ مشکەکە دەربهێنە و جێگەکەشی فڕێ بدە، ئەوی تری پاک و حەڵاڵە، دوای ئەم ڕووداوە جبەی مەلایەتی دادەکەنێت و ئیدی واز لە ئاین دێنێت.

ژیانی پەناهی لە کولەمەرگییەکی گەورەدا گوزەراوە، ماوەیەک لە گۆڕستانێک دەژین، ژنەکەی خەو دەبینێت کە مردوویەک دێتە خەوی و پێی دەڵێ لەسەر گۆڕی من لاچن! یەکێک لە باشترین نمایشنامەکانی لەو گۆڕستانەدا دەنووسێت. پەناهی لە ١٠ ساڵی کۆتایی ژیانیدا دوور لەماڵومنداڵ لە تاران بەتەنیا لە خانووەیەکی بچووکدا دەژی و هەر لەو خانووەشدا دەمرێت.

لەسەر مردنەکەی قسە زۆرە، ئەگەرچی ماڵباتەکەی دەڵێن بە جەڵتەی دڵ مردووە، بەڵام هاوڕێ نزیکەکانی و شایەتحاڵەکان کە دوای مەرگی چوونەتە خانووەکەوە دەڵێن کە خۆی کوشتووە. هەرچۆنێک بێت ئەوەندەی من ژیان و شیعر و بەرهەمە سینەماییەکانی ئەو مرۆڤەم دیبێت و خوێندبێتەوە، وا تێدەگەم؛ لە پاش

مەرگیـــــیەوە ماڵبـــــاتەکەی دەیـــــانەوێ سانســـۆرێکی ئەخلاقـــی گەورە بـــخەنە ســـەر ئەم نووســـەرە و بەرهەمەکانیشـــی، بـــۆیە لێـــرە و لەوێ دەڵـــێن، "فـــڵانە نووســـین هـــی ئەو نیـــیە، فیســـارە شـــیعر دوورە لە ئاکـــاری ئەو." دیـــارە ئەوانـــیش لە ئێـــران لە بارودۆخێکـــدان خۆیـــان بێـــبەری بـــکەن لەو نووســـینانەی پەنـــاهی کە لێـــدانە لە گوتـــاری ئـــاینیی و ئاکـــاری گشـــتیی، هەربـــۆیە لیســـتێکیان ئامـــادەکردووە وەک ئەو شـــتانەی ســـاختەن و بەنـــاوی حسـێن پەنـــاهیەوە بڵاوکـــراونەتەوە، لە مـــاڵپەڕی فەرمیـــی نووســـەر دایـــان نـــاوە. هێنـــدەی پەیوەنـــدی بەم کتێـــبەوە بێـــت ئەو شـــتانەمان لـــێ لابـــردووە کە لەو لیســـتەی ئەواندا هەیە، لەوانە وەسێتنامەکەی.

بەڵام وێـــڕای ئەوانەش ئەو نووســـینانەی لە ســـەرچاوەکانی بەردەســـتماندا نەبـــوون و لە ســـایت و مـــاڵپەڕە فارســـییەکاندا وەرگیـــراون، لە کۆتـــایی هەریەکەیانـــدا ئەســـتێرەیەکمان لە نێـــوان دوو کەوانەدا بەم شـــێوەیە (*) دانـــاوە، تـــا خـــوێنەر بزانێـــت وەک ئەمـــانەتی وەرگێـــڕان،

ئەو شیعرانە گومانیان لەسەرە، ئەگەرچی مالْباتەکەی ڕەتیان نەکردوونەتەوە.

خوێنەری خۆشەویستی ئەم کتێبە، پێویستە بزانێت؛ پەرتییەک لە پەناهیدا هەیە، کە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی خۆیەتی و ئەگەر نەبوبێت بە شیعر، حەقی ئەوەی نییە بخرێتە سەر زوبانێکی تر. ئەم پەرتییە زۆرتر لە شیعرە درێژەکانیدا هەیە، بۆیە ئێمە خۆمان لێ پاراستووە و بە مەبەست تەنها جوانترین و نایابترین شیعر و نووسینە کورتەکانی، یان بەش و پاژ لە شیعرە درێژەکانیمان هەڵبژاردووە بۆ وەرگێڕان.

ئەوانە ژانە سەرەکانی خۆی بوون بۆ ڕزگاربوون لێیان نووسیونیەتییەوە، کە وەرگێڕ دەیخوێنیتەوە سەری دێشیت، ئەگەر بچێتە ژێر باری وەرگێڕانی؛ دووجار سەریەشەیە، کە دوایش دەگات بە خوێنەری کورد بۆ ئەویش سەریەشەیە! لەو نێوەندەدا من نامەوێ پۆستەچیی دەزگای پەخشی سەریەشە بم..! بۆیە نایابترین، باشترین، جوانترین پەیام و مەبەست و

بودسـکاپی نێـو ئەو نووسـینە درێـژ و ماندووکەرانەم لە کتێبەکانیـدا دەرهێنـاوە و کردومن بە کوردی.

لەگەڵ ئەوەدا ئەدەبـی پەنـاهی زۆر ڕەش و نائومێـدانەیە و ئەمەش لەگەڵ گوتـاری زاڵـی ئێسـتای منـدا کە ژیاندۆسـتییە نـایەتەوە، بـۆیە ئەم کتێـبە سـەرەنجام گـوڵچنێکە لە بەرهەمـی ئەم نووسـەرە، ئەگەرچـی بەگشـتیی خۆپاراسـتن و خـۆلادان لە نائومێـدییەکەی پەنـاهی زۆر زەحـمەتە... ئێسـتا بەهیـوام ئەم کتێـبە، کەلێنێکـی تـری کتێبخـانەی کـوردی پڕبکاتەوە و جێگای چێژی ئێوەش بێت.

توانا ئەمین

ستۆکهۆڵم- ٢٠١٧

# ساڵژمێری گرنگترین کار و ڕووداوەکانی ژیانی حسێن پەنامی:

١٩٦٢- چوونە بەر خوێندن لە دژکوە.

١٩٦٧- جێهێشتنی دژکوە و چوون بۆ سوق.

١٩٦٨- ڕۆیشتن بۆ بێهبەهان.

١٩٧٢- ڕۆیشتن بۆ قوم و بوون بە خوێندکار لەوێ.

١٩٧٥- دەست هەڵگرتن لە خوێندنی حەوزەی ئاینیی و ڕۆیشتن بۆ شوشتر و وەرگرتنی وانە بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ.

١٩٧٦- مانەوە لە ئەهواز و سەرقاڵبوون بە کاری جۆراوجۆرەوە.

١٩٧٧- گەڕانەوە بۆ ئاوایی دژکوە و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خانمێک بەناوی (شەوکەت).

١٩٧٨- چوونەوە بۆ ئەهواز و کارکردن لە کتێبخانەی ئەو شارەدا. هەروەها لەدایکبوونی یەکەم منداڵی بەناوی (لەیلا).

١٩٨٠- چوون بۆ بەرەی جەنگ و کارکردن لە ڕاگەیاندنی ئەوێدا. هەروەها لە دایکبوونی دووەم منداڵی بەناوی (ئانا).

١٩٨١- سەفەر کردن بۆ تاران و نیشتەجێبوون لە یەکێک لە قیسنەکانی ئیمامزادە قاسم و مانەوەی ساڵێک لەوێدا. بوون بە ئەندام لە گروپی شانۆیی (ئاناهیتا).

١٩٨٢- یەکەمین ئەزموونی نووسینی شانۆیی، نووسینی شانۆنامەی (گوڵێک و بەهار)، دەرهێنانی شانۆیی (خەوگەڕەکان).

١٩٨٣- نووسینی شانۆنامەی (ئەسانسۆر).

١٩٨٤- لەدایکبوونی کۆتا منداڵی کە کوڕێکە بەناوی (سینا). یەکەمین بەشداریی نواندن لە درامای تەلەڤزیۆنییدا.

١٩٨٥- بوون بە کارمەند لە دەزگای (دەنگ و ڕەنگ). نواندن لە درامای (گورگەکان)دا. نووسینی (دڵی شێر) و (دوو مراوی لە تەمدا).

١٩٨٦- یەکەمین ڕۆڵبینین لە فیلمی سینەماییدا. نواندن لە شانۆیەکانی (دوو مراوی لە تەمدا) و (ئەسانسۆر).

١٩٨٧- دەرهێنانی درامای تەلەڤزیۆنیی (بەسەرهاتەکانی ڕۆناڵد و دایکی). نواندن لە شانۆیی (خەیاڵ)دا.

١٩٨٨- نوانـــدن له فـــيلمه ســـينه‌مايه‌كانى (ڕووه‌و بـــا) و (هيجـــۆ) و (ميراتـــى) و (ناڕونى). نووسينى يه‌كه‌م شيعر.

١٩٨٩- مه‌رگـــى دايكـــى. نوانـــدن له فيلمـــى ســـينه‌مايى (نهێنـــى ئه‌ســـتێره). نووســـينى كۆمه‌ڵه‌شيعرى (من و نازى).

١٩٩٠- نوانـــدن له فـــيلمه ســـينه‌مايه‌كانى (پاســـه‌وان) و (ســـێبه‌رى خه‌يـــاڵ). وه‌رگرتنـــى خه‌ڵاتـــى باشـــترين نوانـــدن له فێســـتيڤاڵى (فه‌جـــر). نووســـينى (په‌يـــامبه‌ره بـــۆ كتێبه‌كان).

١٩٩١- نوانـــدن له فـــيلمه ســـينه‌مايه‌كانى (ئه‌وينـــار) و (په‌ناهه‌نـــده). نووســـينى (مـــۆته‌كه ڕووسييه‌كان).

١٩٩٢- نوانـــدن له فـــيلمه ســـينه‌مايه‌كانى (هونه‌رمه‌نـــد) و (پيـــاوێكى نـــاته‌واو). نووســـينى (گوێى گه‌وره‌ى ديوار).

١٩٩٣- نووســـــــينى (كه‌ڵه‌شـــــێره‌كان و ســـه‌عاته‌كان). بڵاوكـــردنه‌وه‌ى كتێبـــى (مـــن و نازى).

١٩٩٤- نوانـــدن له فـــيلمه ســـينه‌مايه‌كانى (ئاواتى گه‌وره) و (ڕۆژى ڕاستى).

١٩٩٥- نووسین و نواندن و دەرهێنانی زنجیرە درامای تەلەڤزیۆنیی (بیبی یون)، ڕاگرتنی پەخشی دراماکە. بڵاوکردنەوەی نمایشنامەی (دوو مراوی لە تەمدا).

١٩٩٦- تۆمارکردنی ئەلبومێک لە شیعرەکانی بە دەنگی خۆی و بڵاوکردنەوەی بە ناونیشانی (ئەستێرەکان). نواندن لە زنجیرەی (دزانی نەنە)دا.

١٩٩٧- نمایشکردنی شانۆیی (شتێک مینا ژیان). بڵاوکردنەوەی هەمان نمایشنامە و (بیبی یون) و (کەڵەشێرەکان و سەعاتەکان).

١٩٩٨- نواندن لە فیلمی سینەمایی (کەشتی یۆنانی).

١٩٩٩- نووسینی دیالۆگەکانی زنجیرەی (ئیمام عەلی) و نواندن تێیدا.

٢٠٠٠- نواندن لە زنجیرەی (یەحیا و گوڵاوەتوون).

٢٠٠١- نواندن لە زنجیرەی (بنکەی هاوڕێیەتی).

٢٠٠٢- نووسینی کۆمەڵەشیعری (نازانمەکان).

٢٠٠٣- نواندن لە زنجیرەی (ئاوازی تەم). نووسینی کۆمەڵەشیعری (ساڵانێکە مردووم).

٢٠٠٤- تۆمــــار کردنــــی ئەلبــــومی دووەمــــی شــــیعرەکانی بەدەنگــــی خــــۆی. دواهەمــــین پەیوەنــــدی تەلەفــــۆنیی بە ســــینای کــــوڕییەوە شــــەوی ٤ی مــــانگی ٨. مــــردن لە هەمــــان ڕێکەوتــــدا، دۆزیــــنەوەی تەرمەکەی لە ماڵەکەیــــدا سێ شەو دواتر لە لایەن ئانای کچییەوە.

# پەناهی لە زاری خۆیەوە...

کە منداڵ بووم نەمدەزانی کە دەبێ بە زیندوبوونم دڵخۆش بم یان نا، لەبەر ئەوەی کە هیچ هەڵوێستێکی تایبەتیم لە بەرانبەر ژیاندا نەبوو و لێی تێنەدەگەیشتم! لە دەرەوەی وەسپی هونەریی؛ ئەو ڕۆژانە لە پەلکە زێرینەی ژیاندا گەردێک بووم دەدرەوشامەوە. ئەو ڕۆژانە هەزاران سەرقاڵیم لە زەینمدا کۆکردبۆوە، لە دەستەی گوڵەکانەوە بیگرە هەتا ئەندازیاری سەگەکان، لە فۆڕمی بەردەکانەوە بیگرە هەتا بیناسازیی باران و هەورەکان، لە ڕەشی قەلەڕەشەکانەوە بیگرە هەتا سووریی گوڵی هەنار، هەموو ئەوانە سەرقاڵییە شیرینەکانی کاتەکانی بێداریم بوون، وەکوو پێداگری مانگاکان بۆ ژیانیان، زەوی و ڕۆژگارم دادە بەسەریەکدا و بە سادەیی کوڵەفڕەکان[1] تێر دەبووم.

---

[1] - کوڵەفڕ: باڵندەیەکی دەنوک کورتی باڵ خڕی دەنگ بەرزە، لەناو گەنم و جۆدا هێلانە دەکات، ئەم باڵندەیە هێندە کەم بەختە، کە ڕێک لەکاتی دوریننەدا هێلکە دادەنێت! (و)

تێپەڕینی ڕۆژەکان چاوەڕوانییەکانمی زێدەتر کرد و چاوەڕوانییە مەحاڵەکان تووشی شکانێکی دەروونیان کردم. لە سەردەمی لاوێتیمدا کێشەکانی ڕێگای قوتابخانە کە لە ڕۆژانی باران و تەڕوتوشییدا بۆم دەهاتە پێش و پێ و پێڵاوەکانم تەڕ دەبوو، بووە هۆی ئەوە کە لە مەزنی و جوانی باران نائومێد ببم و لەبەرکردنی ماوەی ڕێگاکان و گرنگیدان بە کاسەڵەشینە[2] لەیاد بکەم. تا تەمەنم زۆرتر دەچووە سەرێ، بە هۆی لە خۆباییە سروشتییەکان و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان؛ لەو ڕۆژگارە زێرینانە دوور و دوورتر کەوتمەوە!

لە ئێستادا و ڕەنگە بۆ هەتاهەتایشە دڵتەنگی ئەو ڕۆژانە بم و هەوڵ دەدەم بە یارمەتی تەکنیکی گوزارشتکردن و بە کۆمەکی زمان؛ هەموو ئەو بێدەنگیی و جوڵانە سەر لە نوێ دروست بکەمەوە.

---

[2] - کاسەڵەشینە: بە لاتینی Coracias garrulus، بە فارسی (سبزقبا)، باڵندەیەکی شینی ئاسمانییە، ٣٠ سانتیمەترێک دەبێت، کلکی شینی ئاماڵ کەسک و ژێرسنگی پەڕی قاوەیی ئامال ڕەشە، لە کونی کەنداڵ و دیوار و کونەدارانندا هێلانە ساز دەکات و بە هاوینان زۆر دەبینرێت. (و)

جێی خۆیەتی وێڕای سوپاس و پێزانین بۆ هەموو هاوچەشنەکانم و مرۆڤایەتی و مێژوو و شارستانییەتیان، گلەییەکیان ئاراستە بکەم کە بۆ دەبێ پێڵاوەکانمان بە بەهای قاچەکانمان بکڕین؟ بۆچی بۆ ژیانێکی سادە و ئاسایی ئەو هەموو درۆ و دزییە بکەین؟ بۆچی دەبێ جوانی ژیان تەنها لە قۆناغی منداڵییماندا ئەزموون بکەین؟ بەراورد بە تاریکیی قورس و گەورەی (نەبوون)؛ هێشتا (بوون) نیعمەتێکە، هەرچۆنێک بێت شیرینتر و دڵگیرترە.

ڕەشبینییەکانی ئێمە ئاکامی خراپیبوون و پەیوەندییەکانی خۆمانە. نەخۆشی و تەنیایی و مەرگمان، هیچ کاتێک دەگە لە شکۆی بوون نادات. ئێمە لە دەستەی پەپوولەی بوونین، بە هەموو توانا و شارستانییەتەکەمانەوە لە لقێک زیاتر نین. بۆ زەوی هەفتا کیلۆ گۆشت هیچ جیاوازییەکی نییە لە گەڵ هەفتا کیلۆ بەردا! لە بیرمان بێت کە هیچ کەس بەرپرس نییە لە دڵتەنگی و کێشەکانی نێو ژیانی ئێمە، ئەگەر شوێن پێی بەختەوەریی و ئەڤین بگرین لە سەرەنجام دەگەینەوە بە خۆمان.

ژیانی من سەیربوو لە سەردەمی خوێندکارییشمدا؛ لە جیاتی کتێبی شایان و بڕواپێکراوی (اصول کافی[1]) دەچووم (کوندەپەپووی کوێر[2])م دەخوێندەوە، ئێستا کە جۆرەها پیتزا دەناسم و ماوەی نێوان شارەکانی (ستۆکهۆڵم) و (بۆن) دەزانم، جاری وا هەیە یادی ئارزووی پەیامبەرانەی سەردەمی خوێندکارییم و پاتەی لاستیک و سەرمای جەمسەریی و قوم[3] دەکەم.

هەرچۆنێ بێت، شیعر دێوانەیی فێرکردم، فێری کردم لە دۆزەخی ئەوانی تر بەهەشت بۆ خۆم دروست بکەم.

---

[1] -کتێبی (اصول کافی) بڕاوپێکراوترن کتێبی ئاینی شیعەکانە، کە (محمد بن یعقوب بن اسحاق الکلیني) دانەرەکەیەتی و لە سەردەمی عەباسییەکاندا لە ماوەی ٢٠ ساڵدا نووسیوێتی، ئێستا کتێبەکە لە حەوزە ئاینییەکاندا مەنهەجە. (و)

[2] -کووندەپەپووی کوێر: ناوی بەناوبانگترین ڕۆمانی فارسییە لە نووسینی (سادق هیدایەت)، ئەم کتێبە لەلایەن وەرگێرەوە کراوە بە کوردی و ناوەندی ئاوێر ساڵی ٢٠١٥ چاپی کردووە. (و)

[3] -قوم: یەکێک لە شار و پارێزگا گرنگەکانی ئێرانە، (١٢٥کم) لە باشووری تارانەوە دوورە، ئەم شارە پیرۆزیی تایبەتی لای ئێرانییەکان و بەتایبەت شیعەکان هەیە، خۆیان وەکوو پایتەختی فەرهەنگی ئاینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوی دەهێنن. (و)

ژیانی حسێن پەناهی هەڵاوێر نییە، دونیاش خۆی هەڵاوێر نیە، دونیایەک کە ژیان تێیدا لەگەڵ زۆری تردا چارەنووسی هاوبەشت هەیە.

ئەمڕۆ شێوازی ژیان بە جۆرێکی لێهاتووە کە ناتوانین هەستەکانمان دابەشی دوو بکەین، دەبێ ڕاکەین بۆ پاس تا فریای کەوین، یان جێبمێنین و چاو ببڕینە قەلەڕەشەکان..

کەم نین ئەو مرۆڤانەی فریای پاس نەکەوتوون!

# خودا ئەو شتەیە کە منداڵان دەیزانن نەك گەورەکان

گفتوگۆیەک لەگەڵ حسێن پەناهی

- ناوت؟
- حسێن.
- فامیلت؟
- پەناهی.
- پیشەت؟
- کارمەند لە دەزگای (دەنگ و ڕەنگ).
- ئیشی پێشترت؟
- کتێبفرۆش، کاشییفرۆش، شوان.
- کەی یەکەم جار چویتە سینەماوە
- ساڵی ١٩٧٠.
- یەکەم فیلم کە بینیت چی بوو؟
- فیلمی (جولیا).
- حەز دەکەی لە سینەمادا چ کارێک بکەیت؟
- دەرهێنەر بم.
- حەز دەکەی چ فیلمێک دروست بکەیت؟
- فیلمێک بەناونیشانی (خەوگەڕەکان) کە لە ئەشکەوتێکەوە دەست پێدەکات و لە وێرانەیەکی کۆمپیوتەرییدا کۆتایی پێ دێت.

- له چ كارێكت زۆر ڕازیت؟
- له هیچیان.
- حەز دەكەی چ كتێبێك بكەی بە فیلم؟
- فۆنتامارا.
- هیچ چیرۆكێكی تەواو نەكراوت نووسیوە؟
- بەڵێ، چیرۆكێك بەناوی (باوێشكی سەگ).
- حەزت لە چ جۆرە فیلمێكە.
- فیلمی دیكۆمێنتاری.
- ئەگەر بەرهەمهێن بایت، پارەت تەرخان دەكرد بۆ كێ و چ فیلمێك تا بەرهەم بێت؟
- پارەم تەرخان دەكرد بۆ خۆم، بۆ فیلمی (خەوگەڕەكان).
- ئەگەر ناچاربیت واز لەكاری سینەما بێنیت، حەز دەكەی چی بیت.
- حەزم دەكرد چیرۆكنووس بم.
- حەزت دەكرد لەگەڵ كام دەرهێنەر كار بكەیت
- لەگەڵ (ئەندرێ تاركۆفسكی).
- باشترین فیلم لای تۆ چییە.
- فیلمی (ئاوێنە)ی تاركۆفسكی.
- باشترین ڕەخنەگری ئێرانی لای تۆ كێیە؟

- بابەک ئەحمەدی.
- باشترین ڕۆمانی ئێرانی کامەیە؟
- کووندەپەپووی کوێر.
- باشترین ڕۆمانی بیانی کامەیە؟
- دکتۆر ژیڤاگۆ.
- حەزدەکەی مندالّەکانت لە سینەمادا کار بکەن؟
- بەڵێ.
- باوکت حەزی دەکرد تۆ لە سینەمادا کار بکەیت؟
- نەخێر، بەهیچ شێوەیەک!
- مندالّەکانت لە کارەکانت ڕازین؟
- هەموو جارێ نا.
- هونەر لەگەڵ نەزم و ڕێکیدا تەبایە یان لەگەڵ ناڕێکیدا؟
- لەگەڵ ناڕێکیدا.
- بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕۆژانە چەند کاتژمێر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەیت؟
- سێ کاتژمێر.
- بازاڕکردن و شت دەکەیت لە مالّەوە؟
- نەخێر.
- ڕاتان سەبارەت بە ژیان؟

- ژیـــان کـــۆمەڵێ دووبـــارەیە، پـــڕ لە هیـــوا و هێلکە و قاڵۆنچە و فەلسەفە و ئەڤین.
- سەرنجت لەبارەی حافز چییە؟
- حافز تاقانەیە.
- ئەی خیام؟
- خیام ڤێرژنە ڕەشوسپییەکەی حافزە.
- ئەی مەولانا؟
- نایناسم.
- ڕات دەربارەی چارلی چاپلن چییە؟
- هەمیشە چارلی چاپنم خۆش دەوێت
- جوانترین نمونەی ئەڤین لای تۆ کێیە.
- دیزەمونایە لە شانۆیی ئۆتێلۆدا.
- باشـــترین فـــیلم کە تـــا کۆتـــایی تەماشـــات کردبێت، چ فلیمێک بوو؟
- فیلمێکـــی ئیتـــاڵی بـــوو بە ناونیشـــانی (خانمی دکتۆر).
- ئەکتەری دڵخوازت کێیە؟
- ئەو کەســـەی هەمـــوو مێـــژوو و مرۆڤـــایەتیش دەنوێنێ، ئەلپاچینۆیە.
- حەزت لە چ ڕەنگێکە؟
- زەرد.
- کە دەستت بەتاڵ دەبێ، چی دەکەی؟

- تەماشای یاری تۆپی پێ دەکەم، یان ناشییانە تابلۆ دەکێشم.
- لە تەنیاییدا حەزت لە چ شتێکی خۆتە؟
- لە چاوەکانم.
- کاتێک لە ئاوێنەدا تەماشای خۆت دەکەیت، چ هەستێکت هەیە؟
- دڵم بە حاڵی خۆم دەسووتێت، هەست دەکەم ڕۆحم هیچ پەیوەندییەکی بە جەستەمەوە نییە.
- باشترین کاتی کارکردنت کەیە؟
- ١١ بۆ ٢ی شەو.
- حەز دەکەیت لە چ تەمەنێکدا بمریت.
- لە چل سالّییدا.
- کەی یەکەمجار هەستت کرد دەتوانی ببێت بە ئەکتەر؟
- ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار درۆم کرد.
- چۆن پێناسەی نواندن دەکەیت؟
- نواندن، دۆزینەوەی ملیۆنان کاراکتەرە لە نێو خۆتدا.
- تۆ بۆ ناو کار دەکەیت، یان بۆ نان؟
- من نە خەمی نانمە، نە خەمی ناو، من بۆ بەسەربردنی کات ئیش دەکەم، بۆ

ڕاکــردن لەو ڕاســتییە ترســناکانەی کە نازانم چین.

- لە فیلمەکانتــدا هەمیشــە ڕۆڵــی، کەسـێکی گوناهــ و ســتەملێکراو دەبینــی، ژیــانی خۆشت هەر وایە؟

- نــا هێجگــار وانیــیە، خــۆم بەمەبەســت دەمەوێ ئەم کــاراکتەرە دووبــارە بــکەمەوە، جۆرێــک فێلــزانییە و هۆکارەکەیشــی ئەوەیە بێگونــاهیی منــداڵانە لەم ســەدە شــێت و وێــڵ و بێبــاوەڕییەدا ون بــووە. خــودا ئەو شــــتەیە کە منــــداڵان دەیـــزانن نەک گەورەکــان، گەورەکــان کــاتی خۆیــان لە داندان بە چۆلەکەکاندا بەهەدەر نادەن.

- لە سەدا چەندی مرۆڤەکان وان؟

- نازانم، بەڵام ڕێژەکە زۆر نائومێدکەرە.

- مرۆڤێکــی ســادە باشــتر دەژی یــان مرۆڤێکی ئاڵۆز؟

- بێگومــان مرۆڤێکــی ســادە، مرۆڤــی ســادە ئەوەنــدە ئاسـودە دەمرێـت کە مرۆڤــی ئــاڵۆز تەنــانەت نــاتوانێ بەو ئاســـودەییە بشــخەوێت! بەڵام لە ئینســانە ئاڵۆزەکانــدا ســاتی وەهــا جــوان و درەوشــاوە هەیە کە

ئەرزشی دە مەرگی هەیە و ئەمە تەنها ئەوان پێی دەگەن و تێی دەگەن.
مرۆڤە سادەکانیش، ئاڵۆزترین بوونەوەری سەر زەوین کە مێژوو ناچار بە دووبارەکردنەوە دەکەن.

- تۆ سادەی یان ئاڵۆزی؟
- من پشیلەیەکم کە قاچی لە شلیلەوە ئالاوە، لە ڕواڵەتدا دەبێ سادە بم، مارکیز لە ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)دا دەڵێ: "من مرۆڤێکی هەژارم کە بڕێکی زۆر پارەم هەیە". من وەک فیل وام، مرۆڤ کە سەیری فیل دەکات، هەست دەکات ئەم ئاژەڵە قسەی زۆر زۆری بۆ وتن هەیە، بەس هیچ ئەندامێکی یارمەتی ئەم قسەکردنەی نادات.
- هەست دەکەیت زۆرتر شاعیری یان ئەکتەر؟
- من زۆترم مەیلم بەلای شیعردا هەیە، ئەگەرچی کە نواندنیش دەکەم دیوێکی شیعریی لە کارەکانمدا دەبینرێت. نەک ئەوەی کە شاعیرێکی گەورە بم، بەڵکو جۆرێک نیگای شاعیرانەیە بۆ شتەکانی

نێو ژیان، لەڕاستیدا بۆ شیعر هەر ناتوانم بژیم.

بە کورتی لە کاتی نووسینەوەی ئەم ئەزموونە ڕۆحیانەدا جاری وا هەیە شاعیرم، جاری وا هەیە نیگارکێشم، جاری وا هەیە نەی دەژەنم، بەڵام هیچیانم بە بایەخەوە وەرنەگرتووە، خۆ ئەگەر هەموو وزەکەم لە یەکێک لەو بوارانەدا خەرج بکردایە، بێگومان زیاتر تێیدا قاڵ دەبووم و باشتر بوو. ژیان، پێکەوە گونجانێکی دراماتیکی نییە؛ تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێ ساتی پەرت و بێ پەیوەندی کە تەنها قەوارە و زەینی ئێمە یەکگرتوویییەکی پێ دەدات.

- هەندێ جار ڕۆڵی کەسانێک دەبینی کە ئەوەندە سادەن دەڵێی منداڵن.. ئەوە بۆ؟
- دەمەوێ بڵێم کلیلە ونبووەکانی ئێمە لە گیرفانی منداڵەکان و لە گیرفانی ئەوانە دایە کە وەک منداڵ وان.
- بە چ فەیلەسوفێک سەرسامیت؟
- نیتچە، چونکە تەژی لە ڕاستییە و نەترسە، لە پێشەوایانی ئاینیی خۆشمان؛

علـــی و نهـــج بـــلاغه و لەم ئاخیرانەشـــدا قورئانم خوێندەوە.

- لە قورئانـــــدا چ ســـــورەتێک زۆر کـــاری لێکردی؟
- ســـورەتی (عادیـات) لەوێـــدا خـــودا ســـوێند دەخـــوات بە هەنـــکە هەنکـــی هەناســـەی ئەســـپ، وە ســـورەتی (والعصـر) کە باســـی زەرەر و خەســـاری ئینســـانی بێئاگـــا دەکـــات. قورئـــان تەژیـــیە لە بونیـــادێکی شیعریی کە ئارامی دەدات بە مرۆڤ.

# شيعر و نووسینەکان

## من حسێنم/ پەناهیم

خۆم دەبینم،
خۆم دەبیسم،
بیر لەخۆم دەکەمەوە...
تا هەم ژیان میراتی بابمە!
سلاوەکانی،
هەموو ئەڤینەکانی،
هەموو ئازارەکانی،
تەنیاییەکانی..
کاتێك نەمام، بۆ ئێوە!
ئەگەر پێتخۆشە لەگەڵ من ببینە
یا بهێڵە لەگەڵت ببینم!
پێم بڵێ
یان بهێڵە پێت بڵێم!

سلاوەکانمان،
ئەڤینەکانمان،
ئازارەکانمان،
تەنیاییەکانمان...
ها؟!

## خوازبێنی

لەخواترسێك لەگوێ ئەستێرکێك ڕۆنیشت
لەوبەری ئەستێرك؛
ژنێك گەردن و گەردنبەندی لێ دەرخستبوو،
ئەم چاوی نوقاند و بە هێواشی وتی:
(دووربکەوەرەوە لە من شەیتان!)
کە چاوی کردەوە؛
ژن؛
سنەوبەرێك بوو،
گەردانەش؛
مانگ..

## سوێند

جگە لە بوونی تۆ
هیچ شتێکم لەم جیهانە بێسنوورەدا
لەلا گرنگ نییە،
تەنانەت ئەڤینیش!

## بیانوو

بەبێ تۆ
نە بۆنی خۆڵ ڕزگارم دەکات،
نە ژماردنی ئەستێرەکان ئۆخژنم دەداتێ!
بۆ بانگت کردم؟ بۆ!
سەراسیمە و تامەزرۆ
سێ ساڵ بێهودە لە چاوەڕوانیتدا مام....
نەهاتی!
بەو ناونیشانە
کە دوو هەزار ساڵ
بەسەر لەدایکبوونی مەسیحدا تێدەپەڕی و
سەردەمیش
سەردەمی وەلیەوەم بوو
سەردەمی فەلسەفە بوو
سەردەمی لەفەی دڵ و جگەر!

## هەوا

ئایا کەس سڵاوێکی کردووە
تا مەحکومی بێدەنگی وەڵامی بم؟
ئاه.. پێویستییە بەشکۆکانی مرۆڤ؛
زەمەن لەوە درێژترە،
کە کاتژمێرەکان نیشانمانی دەدەن..!

## بـا ئێمەی لەگەڵ خۆی برد

بـــا ،
بەهێواشی پەردەکان دەجولێنێ و
ئێمە؛
منداڵە خۆشباوەڕەکان،
سەرڕێژ لە دڵەڕاوکێ و هیوا ،
گۆشە نیوە ڕووناکەکان،
نیشانی یەکتر دەدەین..!

## ئەبەدییەتی ئەڤین

متمانە بە ئاگری نیگای مەکە
دەستی لێ بدە!
ڕابکە بۆ شوێنێك کە پاکانی
خاڵیین لە عەتری ئەو،
بۆ زەوییەکی بێڕەنگ
بێبۆن، بێدەنگ..
ئــا،
هەڵبێ و لەودیو
جاویدانییەتی مەرگەوە خۆت بشارەوە
ئەگەر خوازیاری ئەبەدییەتی ئەڤینی!

## پەپوو

کێیە؟

لە کوێیە؟

ئەی ئاسمانی مەزن؛

لەژێر باڵەکانیدا ماندووم،

چەند بچووک بووی تـــــۆ!

## گەلاوێژ

ئێمە خراپەکار بووین
بەرانبەر ئەو کەسانەی دڵسۆزانە پرسییان:
بێزەحمەت ئەمڕۆ چەندی گەلاوێژە؟
نەمانگوت..
چونکە گەلاوێژ،
گۆڕی ئەڤینی
گوڵی خوێنڕەنگی دڵی ئێمە بوو..

## نــا

دەگەڕێمەوە
بە چاوەکانمەوە
کە تەنها یادگاریی منداڵیی منن..
تۆ بڵێی دایکم بمناسێتەوە؟

## وشه

وشه هەیه دڵ ئەلەرزێنێت، "نیشتیمان"
وشه هەیه دووبەرەکی دەخاتەوە، "تۆ"
وشه هەیه دوای وتنی جگەرەی دەوێ،
"دادپەروەریی"
وشه هەیه له ماناکەی گەورە ترە، "مردن"
وشه هەیه له ماناکەی بچووکترە، "ئەڤین"
وشه هەیه دوودڵی و هیوا لەگەڵ خۆی
دەهێنێت، "دیدار"
وشه هەیه له ژەهری مار تاڵترە، "سلاو".(*)

## دووپشکی عاشق

دەدات بە کەللەی خۆیەوە و
سەری دەکات بە دوو کەرتەوە
بۆ ئەوەی بزانێ؛
بازنەی ئاگری لە خەودا دیوە
دووپشکی عاشق!

شەو،
دڵنشین!
ڕێگا
دوور!
مەرگ،
دەست!
کوللە،
ئاسۆ!
دار،
ئاگر!
تۆ
وەك قابلەمەیەکی تازە
لە ناو کەلوپەلی مێژوودا دەدرەوشێیتەوە!

ڕۆژ،
تاڵ!
ڕێگا،
دوور!
مەرگ،
سێبەر!
دەربەند،
ئاسمان!
من
وەك پارەیەكی كاغەز
لە گیرفانی مەلەوانێكدا چرچ و لۆچ بووم!

## کۆترەباریکە

کۆترەباریکەی دڵی من
کێشەی قەبارە و هاوسەنگی هەیە
لەگەڵ ئانتێن[1]..!

[1] ئانتێن: ئاریلی تەلەڤزیۆن، کە لەسەر بانەکان کۆتر و باڵندەی پێوە دەنیشێتەوە.

## خولانەوە

نین..
دێینە دونیاوە،
وێنەی یەککەسیی دەگرین!
گەورە دەبین،
وێنەی دووکەسیی دەگرین!
پیر دەبین،
وێنەی یەککەسیی دەگرین..
پاشان
دیسان دووبارە نین..!

## دەستی بەتاڵ

هەر گوێچکەماسییەکی نەکراوە
مرواریییەکی لە دڵی خۆیدا شاردۆتەوە!
هەر گوێچکەماسییەکی نەکراوە؛
مرواریییەک... بەڵێ!
لەبەر ئەوەیە کە ئێمە هێشتا
هەموو ڕۆژێ
بە دەستی بەتاڵ لە کەنارەکانەوە
بۆماڵەوە دەگەڕێینەوە..!

## تۆزی بێدەنگی

چ میوانانێکی بێ زەحمەتن مردووەکان؛
نە بە دەستیان قاپێ پیس دەکەن،
نە بە وشەیەک دڵێک دەڕەنجێنن..
تەنها بە مۆمێک و
تۆزی بێدەنگی ڕازین..!

## سێهەم

کەواتە سێهەم بوو دەگریا؛
خۆ ئێمە،
لە دوو کەس زیاتر نەبووین..!

## ددان پێدانان

بۆ ددان پێدانان دەچم بۆ کڵێسا
لە دەرەوە گیاکان شین بوون
لەبەردەم دیوارە کۆنەکەدا دەوێستم و
ددان بە هەموو تاوانەکانمدا دەنێم..
دڵنیام بەخشراوم؛
گیاکان بێ ناوەنگیریی
لەگەڵ خودا قسە دەکەن..!

## برینەکان

لە ترافیك لایتێکدا
منداڵێك بە چاوانی پاك و
دەستانی بچووکییەوە گوتی:
لەزگەی برینت ناوێ؟
پێنجی بە سەد تومەن..
ئاخێکم هەڵکێشا و لەبەرخۆمەوە گوتم؛
هەموو لەزگەکانیشت لێ بکڕم
نە برینەکانی من سارێژ دەبێ،
نە برینەکانی تۆ...!(*)

## زمانی گوڵەکان

باوکم دەڵێت: کتێب!
دایکم دەڵێت: دوعا!
خۆیشم چاک دەزانم؛
کە جوانترین پەسنی خودا
تەنها لە ڕێی گوڵەکانەوە دەکرێت ببیستن..

## ڕۆژی کۆتایی

من ماندووم!
ماندوو لەم ژیانە!
ماندوو لەم ڕۆژە پڕمەڵاتانە[1]..
باڵ دەگرێ؛
قژاکی[2] ڕۆحی من،
تا کەناری دەشتی گەنمەشامی!

[1] مەلات: قوڕی شیلراو.
[2] قژاک: قەلەڕەش.

## لەو ئازارەی کە دەیچێژم

تەماشای شاخ بکە!
شاخ..
تا باوەڕ بهێنی
بە ژیانی دووبارەی خۆت!

## بەهەشت

ناچمە بەهەشت
دایکمی لێ نەبێت!

## دڵی خۆش

جێماوە لە جێیەك شتێك؛
كە هیچ كاتێك،
هیچ شتێك،
جێگەكەی پڕناكاتەوە..
نە قژی ڕەش
نە ددانی سپی!

## ئەلزایمەر

پیرەمێردی دراوسێمان؛
تەنها ئەلزایمەری هەیە..
دوێنێ،
لەخۆوە پرسەیان بۆ دانابوو،
ئەو تەنها بیری چووبۆوە هەستێت لەخەو!

## لێیانگەڕێ چاوەێ بن

دەزانی؟
هەندێجار
دەبێ لەسەر کوتە کاغەزێك بنووسیت:
(پشووە!)
ئینجا بینووسێنیت بە شووشەی ئەندێشەتەوە،
دەبێ پشوو بدەیت بە خۆت،
ڕاکشێی
دەستەکانت بخەیتە ژێر سەرت و
لە ئاسمان ڕابمێنی..
ئاسوودانە فیکە بکێشی و
لەدڵتەوە پێ بکەنی
بە هەموو ئەو ئەندێشانەی
لەودیو شووشەی هۆشتەوە سەرەیان گرتووە..
ئینجا بە خۆت بڵێی:
دە لێیانگەڕێ با چاوەڕێ بن..!

## غەریب

نەنە؛
لە هەراوزەنای شاردا ونم کردووە
ئەو موفەڕکە سەوزەی،
کە لە منداڵییدا کردبووتە مەچەکم..
لە یەکەمین هێرشی تاتاری ئەڤیندا؛
گۆزەی دڵم لە هەیوانی بەرد بەردا شکا،
دەستم بە دەستی هاوڕێکەمەوە جێما،
پێم بە پێی ڕێوە ڕۆی،
من بووم بە چاومەوە..
من بووم بە چاومەوە..
من پارچە پارچە لەدەست چووم،
لە یەك بە یەکی ڕۆژانی ژیانمدا..!

## پرسیار

دەڵێن نەوەی داینەسوورەکان
لەناوچوون،
ئەی بۆ من ماوم..؟

## یاری

ئێمە ئەو بینەرانەین
کە لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە جێماوین!
درەنگ هاتین!
زۆر درەنگ..
بۆیە بە ناچاری؛
مەزەندە دەکەین
گرەو دەکەین
گومان دەبەین..
لەولاتری شانۆکە؛
یارییەکە بە شێوەیەکی تر دەگوزەرێ..!

## سلاو، ماڵئاوا

سلاو، ماڵئاوا..
ئەگەر شتێکی نوێت دۆزییەوە،
بیخە سەر ئەم دووانە..
تا بەڵکو
بکرێتەوە ئەم دەرگا ونبووە ڕوو بەدیوارە..!

## چاوەکانی من

شەو لە چاوەکانی مندایە؛
تەماشای ڕەشایی چاوەکانم بکە..
ڕۆژ لە چاوەکانی مندایە؛
تەماشای سپێتی چاوەکانم بکە..
شەو و ڕۆژ لە چاوەکانی مندایە؛
تەماشای چاوەکانم بکە..
ئەگەر چاوم دابخەم؛
جیهان لە تاریك دادێ..!

## وههم

نیشتیمان کوا ماڵم؟
ماڵ کوا دایکم؟
دایکە کوا کۆترەکانم!
مانای ئەم هەموو بێدەنگییە چییە..؟
من وون بووم لە تۆدا؟
یان، تۆی وون بوویت لە من..!
خۆزگە ئەو ڕۆژە
لەسەر ئەو دارە هەنجیرە
نەهاتمایەتە خوارەوە!
خۆزگە..!

## هابڵ

له شه‌رمان سوور هه‌ڵده‌گه‌ڕێ؛
هه‌ساره‌ی زوهره،
له به‌رانبه‌ر نیگای حیزی
ته‌لیسکۆپی هابڵدا؛
که فیکه ده‌کێشێ و
بێئابڕۆیانه بنێشت ده‌جاوێ!

## باوەڕت بە خودا هەیە؟

خودا لە هەنجیری کاڵدایە
خوادا لە چاوی پەپوولەدایە
کاتێك لە ڕۆژنەی قۆزاخەوە؛
یەکەمین نیگای جیهان دەکات..
خودا گەورەترە لە وەسپی پەیامبەران
سەروترە لە زمینی بونیام..
ژیان ماڵی خودایە،
خودا لە من نزیکە،
هێندەی کە تۆ لە من دووری..!

## چرکه

دەنگی پێی تۆ کە دەڕۆی و
دەنگی پێی مەرگ کە دێت..
ئیدی هیچی تر نابیستم..!

## دەسماڵی سووری دڵم

لێرەم؛
لەسەر پردێك لە خۆڵەمێش،
پێ بەسەر چەقۆدا دەنێم و
بە فریوی هەر دەنگێكی دوور
دەسماڵی سووری دڵم ڕادەوەشێنم..!

## منداڵانە

شەوێك بە تولەڕێیەکدا ڕۆیشتم
دەستی گرتبووم و ڕایدەکێشام..
لەوە بەدوا؛
هەموو تەمەن بە تولەڕێدا دەڕوات..

## دونیای من

لێرە، لەم دونیایەی مندا؛
گورگەکانیش
تووشی خەمگینییەکی زۆر بوون،
ئیدی مەڕ هەڵنادڕن،
گوێ لە شمشاڵی شوان
دەگرن و دەگرین..!!(*)

## کۆنتراست

ڕەشی ڕەشم!
تۆزێ زەردم تێکەڵ بکە ئوستاز!
جاری وا هەیە قەبارەی قەلەڕەشێك؛
تابلۆیەك کۆنتراست دەکات..!

ڕۆحی من پاکە؛
وەك دڵی تـــۆ،
وەك چاوی ســـەگ،
وەك ساوایەکی تازە لەدایکبوو..!

بوون و مانەوە ئەفسانەیە
جوانیی ئەفسانەیە؟
یان سووری سێو؟
یان سووری خەنجەر؟
دەبێ بەندەی چەند خودا بین..؟

تـۆ
دڵت تاریکە.. دڵت..!

ئەڤین
پێویستی بە خوێنە..!

# هیچ متمانەیەکم بە مرۆڤ نییە!

لەژێر ئاسمانی ئەم وڵاتەدا؛
تەنها مەرگ
بە یەکسانیی دابەش دەکرێت.(*)

خودایا؛
ون بووم، له هیچ شوێنێك منت نەبینیووه..؟

گومانم هەیە
لەو گۆرانییەی؛
کە زیندانیی و زیندانەوان
پێکەوە دەیڵێنەوە..!(*)

مرۆڤم!

بێدەنگ، وەك دارسێوێك..

ڕاخراو، وەك مەزرایەكی وێنجە..

جگە لە خودا؛

كێ شایانی پەرستشی منە؟

هەرگیز هیچ بوونەوەرێکم
بەدبەختتر و
ترسناکتر و
کەموکورتتر
لە مرۆڤ
نەخوێندۆتەوە و نەدیوە..!

ئێستا وا باشە خۆم ڕەخنە بکەم
کە گەیشتوومەتە چل ساڵیی و
سێبەری ساردی مەرگ؛
لەسەر تای سووتێنەری ڕۆحم
هەست پێ دەکەم..!

ئەم سێ فاکتەرە،
زۆر گرنگن لە ژیانی مرۆڤدا:
چ کەسێك؟
لە کوێی دونیا؟
لە چ بارودۆخێکدا؟

تەلەڤزیۆنە (ئی.ئای،سی) یە
ڕەشوسپییە کۆنەکامانت لە بیرە؟
کە لەخۆیەوە وێنەکانی دەکرد
بە کاریکاتێر!
جا بەزمی ئانتێنەکەی هەر تەواو نەدەبوو
بەفری جارانت بیر دێ؟
لە هی ئێستا سپی تر بوو..!

خۆم باشم
ڕابردووم ئازاری هەیە..!

به خودام ووت: وەرە با جیهان بەش بکەین
ئاسمان بۆ من و هەورەکان بۆ تۆ
دەریا بۆ من و شەپۆلەکان بۆ تۆ
ئاو بۆ من و خۆر بۆ تۆ
خودا پێ کەنی و گوتی:
تۆ بەندایەتیی بکە
هەموو دونیا بۆ تۆ
منیش بۆ تۆ..!(*)

ژیان چیه ؟
ئەگەر پێ کەنینە بۆچی دەگرین؟
ئەگەر گریانە بۆچی پێ دەکەنین؟
ئەگەر ژیانە بۆچی دەمرین؟
ئەگەر مردنە بۆچی دەژین؟
ئەگەر ئەڤینە بۆچی پێی ناگەین؟
ئەگەر ئەڤینە نیە بۆچی ئەڤیندار دەبین؟
بە ڕاست؛
ژیان چیە..؟(*)

مانەوە لە پێناوی
کەسێك کە خۆشت دەوێت؛
جوانترین
ڕووداوی ژیانە ..!(*)

بریا؛
کە خودا مرۆڤی هەر دروست دەکرد،
بە جووت دروستی کردبایین!
تا ناچار نەبین ئەم هەموو تاکە
بە شوێن تاکەکەی خۆیدا بگەڕێت..!(*)

لەودیو ئەم پەنجەرەیەوە؛
جگە لە هیچێکی گەورە
هیچی تر نییە..!

لەودیو دیوارەکانەوە؛
هەمیشە کەسێك دەناڵێنێ..
ئەو کەسە کێیە..؟

به قسەی میمکم:
"سەختی ژیان؛
تەنیا ئەو سەد ساڵەی یەکەمییەتی!"
دواتر هەمووشتێک چاک دەبێ،
دڵنیابە!
هەروەکوو چۆن من دڵنیام و
لەبەر ئەمەشە وا ئێستا؛
دووەمین پاکەتی جگەرەکەم هەڵپچڕێ..!(*)

ماوەیەکی زۆر
لەبەر خاتری پێڵاوەکانم،
ڕقم لە زستان بوو..!

ئەرێ؛
چەند بەهەشت و دۆزەخ
ژیانی من قەرەبوو دەکاتەوە..!

سەرینی تەڕبوو بە فرمێسک؛
شکۆدارترین ئەڤینە!

مەرگ؛
وێستانی هەناسە نیە..
من گەلێك مردووم بینیووە
کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتن،
قسەیان دەکرد،
جگەرەیان دەکێشا،
تەڕ دەبوون لەژێر باران.
لە چاوەڕوانی و تەنیایی تێدەگەیشتن..
شیعریان دەخوێندەوە،
قەرزیان دەدا
پێ دەکەنین و
دەگریان..!

مرۆڤ؛
وەرگێڕدراوێکی خراپی
مرۆڤێکی ترە..!(*)

پێڵاو؛
نوێکاریی پیاسەکانی من بوو..
چەتر؛
داهێنانی بێسەروەتیی من بوو..
ئەندازە؛
شەترەنجی بێدەنگی من بوو..
ڕەنگ،
گوزارشتی دڵتەنگییەکانی من بوو..
من یەکەم کەسم کە؛
لە بازنەی دەنگی مەلێکدا،
بە سەرگەردانیی خۆی پێکەنێ..
من یەکەمین بەدمەستی سەر زەویم!

بێگومان
جیهانیان لە خۆشەویستی کەسێك
دروست کردوو..
وەك من کە دروستم کردووە؛
جیهانێك لە خۆشەویستی
بۆ تـۆ..!

جگەرەکەم
دەتەکێنمە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە،
بێ هیچ دوودڵییەك..
چونکە؛
جیهان تەپڵەکی ئاژادادی منە..!

بەسەر گۆنای ڕاستمدا؛
فرمێسک..
بەسەر گۆنای چەپمدا؛
خوێن..
دەگریم،
دەگریم،
بەسەر هەر شتێکدا کە ناڕەوایە..!

سەرەنجام؛

بەوەفاترین دووانەی جیهان،

پێڵاوەکانی خۆتن..!

گولله نەیدەزانی،

تفەنگ نەیدەزانی،

ڕاوچــی نەیدەزانی؛

کە باڵندەکە خەریکە

خواردن بۆ بەچکەکانی دەبات..

بەڵام خۆ خودا دەیزانی،

نەیدەزانی..؟!

کە ئێمە هاتین؛
ڕووداوەکە، ڕووی دابوو!
ئێستا؛
هەر کەسە،
بە گوێرەی سەلیقەی خۆی شتێك دەڵێ و
لە تاریکییدا ون دەبێت..!

نیوه لە تاریکییدا،
نیوه لە ڕووناکییدا،
دەست درێژ دەکەم و
لە قوڵایی تاریکایی مێژوودا؛
بێشکە جەنگیزخان ڕادەژەنم..
ئەرێ بە ڕاست
نەجیبیی ئەسپ،
پێداهەڵنانە، یان زیرەکی مرۆڤە؟

دەزانی چی؛
هەست دەکەم ژیان کێشە نییە
کێشەکان ژیانن..!
تەماشا بکە؛
تەماشا بکە کەوتووینەتە چ ڕۆژێکەوە!

سلاوکردن لە کەسێک؛
کە لە سلاو تێناگات، زۆر کێشەیە..!

***

بمووره؛
بەڵام ئاخر، ئەڤین چۆن دەنووسرێتەوە..؟!

من چەند حەزدەکەم؛
چیرۆکی هەموو ئەو پەپووولانە بزانم
کە بێکۆتا جار،
لە نامە و شیعرەکاندا سووتان،
تا بەڵگەی سووتانی نووسەرەکانیان بن..!

خۆزگە بە حاجی لەقلەقەکان؛
کە خەویان (و) و
عەشقیان (ع) و
مەرگیان (گ)ی تێدانییە. (*)

منداڵییمم خۆش دەوێت؛
ئەو ڕۆژانەی لەبری دڵم،
سەر ئەژنۆکانم بریندار دەبوون. (*)

هەندێك زۆر هەژارن،
تەنها سەروەتیان پارەیە..!(*)

خۆزگەم بە خۆتان؛
کە دەتوانن بگرین و پێ بکەنن،
ئەم ژیانە پووچە لەوە زیاتر نییە..!(*)

غەریبە بوو

ئاشنا بوو،

ڕاهات،

ئەڤیندار بوو،

بوو بە بوون،

بوو بە ڕۆژگار،

ماندوو بوو،

بێوەفا بوو،

دوور کەوتەوە،

بوو بە بێگانە،

بەڵام لەیاد نەچۆوە..!(*)

فێر بووم؛
ئەمجارە کە دەستەکانم سەرمایان بوو
دەستی کەس نەگرم،
گیرفانەکانی خۆم جێی متمانەترن..!(*)

تەنیاییەکەت؛
لەگەڵ کەس بەش مەکە..
من یەکجار کردم؛
تەنیاییەکەم بوو بە دە ئەوەندە..!(*)

ترسی من لەو دونیا؛
دووبارە بینینەوەی مرۆڤەکانی ئێرمیە..!(*)

ئەم ڕۆژانە؛
لە بری (شەرافەت) لە مرۆڤەکان
تەنها (شەڕ) و (ئافات) دەبینی..!(*)

بەڕاستی
چاك فێری درۆكردن بووم؛
من باشم.. زۆر باشم..!

کاتێک کەسێک؛
بە ئەندازەی تۆ نییە،
دەستکاریی ئەندازەی خۆتی بۆ مەکە..!(*)

هەوڵ دەدەم؛
خەمەکانم نوقم بکەم،
بەڵام ئەو بێشەرمانە فێری مەلە بوون!

باشە فرمێسک؛
کێشی چەندە؟
کە بەیەکجار ڕشتنی،
ئەوەندە شانمان سووك دەبێ..!

چاوەکانم دادەخەم و
دڵ دەسپێرم بە دەنگی فلوتی
پیاوێکی کوێر
کە حەفتا ساڵە
عاشقی
کچێکی چواردە ساڵە بووە..!

پێڵاو کە تەنگ بێت؛
پێ زامدار دەکات..
وای بە حاڵی دڵ..!(*)

ئەگەر خاوەن ماڵەکان؛
دەیانزانی پەنجەرە چەند بۆ مرۆڤ گرنگە،
ئەوا کرێی پەنجەرەشیان لێ دەسەندین..!

به (پیاڵەیەك چا)یش دەتوانی مەست بیت؛
ئەگەر ئەو کەسەی کە دەبێ هەبێ،
هەبێ..!(*)

به دایکمم گوت:
بمگۆڕەوە بە شتێك
شتێکی بەنرخ!
شتێکی گران!
دەرزییەکی شکاو،
تا بتوانی دڕکی پێتی پێ دەربێنی!

ئەو کەسەی کە تۆی بوی؛
بەهەر بیانویەك بێت ئەمێنێتەوە..!(*)

ڕێزمان گرتن و وایان زانی نەزانین!
گرینگیمان پێ دان و وایان زانی
سواڵی خۆشەویسی دەکەین!
هاوار بۆ حاڵی ئەم خەڵکە:
نە لە ڕێز تێ دەگەن،
نە لە گرینگی پێدان،
لەلای ئەم خەڵکە دڵخۆش نابیت؛
ئەوان تەنیاترت دەکەن!

پزیشکەکان؛
هەندێك دەستەواژەیان هەیە
کە ئێمە لێی ناگەین،
ئێمەیش؛
هەندێك ئازارمان هەیە
کە ئەوان لێی ناگەن..!

ئێمە؛
لە هەر شتێك ترساین بەسەرمان هات،
وەرن با تۆزێ لە بەختەوەرییش بترسین..!(*)

چ دڵێکی بچووکی هەیە مرۆڤ؛
چەند زوو تەنگ ئەبێ ..!

دوعام بۆ بکە؛
چاوەکانت گوڵەبەڕۆژەن،
تەماشای هەرکوێ بکەیت،
خودا لەوێیە!

ئێمە بۆ تێدەگەین!
ئێمە بۆ دەپرسین!
خۆت دەناسی؟
من خۆم سێبەرێکم..
من چی؟
دەکەومەوە بیرت!
سێبەرێ لە سێبەری سێبەرێکدا!

مێزێك بۆ كار،
كارێك بۆ چەرپا،
چەرپایەك بۆ خەو،
خەوێك بۆ گیان،
گیانێك بۆ مەرگ،
مەرگێك بۆ یاد،
یادێك بۆ بەرد،
ئەمە بوو ژیان...؟!

ئێمە زوو هاتینە دونیاوە؛
سەرم دەئێشێ... زۆر!
تا نامەی دواتر تۆ ماچ دەکەم،
ئەی ئازارشکێنی هەموو سەرئێشەکانم!

ئانای ئازیز؛
ئەم ڕۆژانە هەر کە بیر لە تۆ دەکەمەوە،
بە وێنەی کۆترێك دەگەم
کە لەسەر دارێکی نەناسراو
هەڵنیشتووە و
لەژێر لێزمەی باراندا،
بەشوێن شتێکی نەزانراودا
بە چەپ و ڕاستدا مل دەگێڕێت..!

وەختێك تۆ نیت؛
ئیتر چاوەکانم
باش بن یان خراپ،
بۆ من هیچ جیاوازییەکی نیە..!

خودایا؛
ئاسمانت مەتری بە چەند؟!
ئیدی زەویت
بۆنی ژیانی لێ نایە!

کە دێیت؛
دەرگاکە "دەکرێتەوە"
کە دەڕۆیت؛
دەرگاکە "دادەخرێ"
ئاگات لێیە،
تەنانەت دەرگاکەیش
"وابەستە" دەبێ..!(*)

باوکم هەمیشە دەیگوت:
باوەڕت بە ژیانی پاش مەرگ هەبێت!
بەڵام من لەگەڵ ئەم خەڵکەدا،
باوەڕم بە مەرگی پێش ژیان هێناوە!
هەموو ڕۆژێ دەمرم،
بۆ ئەوەی ژیابێتم..!

باوکم هەژار بوو؛

باپیریشم..

من منداڵم نیە،

بەڵکو؛

هەژاری کۆتایی پێ بێت.!(*)

ئیدی تەنانەت؛
دەرفەتی درۆکردنیشم بۆ نەماوەتەوە..
ئەگەرنا چاوەکانم دادەخست و
گوێم لە گۆرانییەك دەگرت
کە تێیدا دڵێك دەڵێت:
من تۆم...
ئەوم ...
کەسێکم...
خۆش دەوێت!

هەتاو؛
نەمرانە دەدرەوشێتەوە؛
لە خولگەکەی خۆیدا..
ئێمەین؛
کە پێ دەخەینە شوێنپێکانی خۆمان و
ئاوا دەبین، هەموو دەمە و ئێوارەیەك..!(*)

بێگومان؛
ڕۆژێ دەنگم دەبیستی
ڕۆژێك؛
کە نە دەنگ گرنگیی هەیە و
نە ڕۆژ..!

دونیا؛
یاسایەکی سەیری هەیە،
لەنێو حەوت ملیار مرۆڤدا،
تەنها لەگەڵ یەکێك لەواندا
هەست بە تەنیایی ناکەیت،
خوا نەکات ئەو کەسە جێت بهێڵێت؛
ئەوکاتە ئیدی
لەگەڵ خۆشت دەبیتە غەریبە..!(*)

لەبارەی ئەڤینەوە؛
قسەکردن بۆ مرۆڤ زووە
هێشتا زۆر زووە..

حورمەتیان بگرە گوڵم؛

ئەم فرمێسکانە،

خوێنبایی تەمەنی لەدەستچووی منن..!

دڵی ئەوانە مەشکێنە؛
کە بە بێدەنگی دەگرین..
چونکە ئەوان؛
کەس شك نابەن
فرمێسکەکانیان بۆ بسڕێت.(*)

پێویست ناکات؛
چوار دەوروومان پڕ بێت لە مرۆڤ..
هەر ئەو چەند کەسەی،
لەچواردەورمانن، مرۆڤ بن بەسە..!(*)

خوایە گیان؛

پەنات پێ دەگرم لە دوو ڕوویی..

ئامین..!

بەبێ تۆ؛
نە بۆنی خاك ڕزگارم دەكات و
نە ژماردنی ئەستێرەكان
هێورم دەكاتەوە..!

چەند سەیرە!

ناسنامەکەم؛

هەموو شتێکی تێدا نووسراوە؛

جگە لە حاڵم..!

دەمەوێ بگەڕێمەوە؛
بۆ زەمانی منداڵییم..
بۆ ئەو کاتانەی باوکم؛
تەنیا قارەمان بوو..
ئەڤین؛
تەنها لە باوەشی دایکمدا تەواو دەبوو..
بەرزترین شوێن لە زەوییدا شانی باوکم بوو..
خراپترین دوژمنەکانم؛
خوشك و براکانم بوون..
ئازارم تەنها ئەژنۆ بریندارەکانم بوو
تەنها شتێك کە دەشکا؛
کەرەستەی یارییەکانم بوو..
مانای خواحافیزییش (تا بەیانی) بوو..!(*)

ئەم ڕۆژانە خوداش؛
لە دەست وشە دووبارەکانی من ماندووە..
چ هەستێکی هاوبەش هەیە؛
لەنێوان من و خودایا!
ئەو لە دەست وشە دووبارەکانی من
ماندووە و من......
لە دووبارەبوونەوەی
ڕۆژە خەمگینەکانی خۆم..!

گەورەترین
هەڵەی پزیشکەکان ئەوەیە:
دەیانەوێت دڵێکی شکاویش
بە حەب و دەرمان،
چارەسەر بکەن..!(*)

پەنجەرەکە بکەرەوە؛
چێژ وەربگرە لەم هەوا دڵگیرە باراناوییە..
خۆشبەختانە؛
باران میراتیی باوکی کەس نییە..!

بۆ ددان پێدان؛
بە ڕاستیەکانی نێو دڵ و مێشکم
ئەمشەو دوو حەپی ترم زیاد کرد
بۆ سەر حەپەکانم..
پشت لە ئاسمان ڕا دەکشێم،
بیر دەکەمەوە؛
دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کتێبی پیرۆز،
هەلی باشترکردنی چاپە نوێکان
نادەن بە خودا!

سەرەتا؛
بێدەنگیی بوو..
بێدەنگی؛
خودا بوو..
خودا؛
وشە بوو،
وشە نیاز بوو..!

جارێکیان؛
نزیکەی بیست دەقیقە،
تەماشای دەنکە خورمایەکم کرد..
وا دەردەکەوێ؛
ئێمە بەشێکی بچووک،
لە پرسیارێکی گەورە بین..!

بۆ زەوی
هەفتا کیلۆ گۆشت و
هەفتا کیلۆ بەرد جیاوازی نییە..!

چ بێڕەحمە ژیان و
چ نیعمەتێکە ڕاهاتن..!

وەڵامی ژیانم؛
مەرگ نەبوو..
توخوا وانییە..؟
مەرگی من؛
مەرگی گەڵایەك نەبوو..
توخوا وانییە..؟

شیعر دەبێ؛
ماوەی ئۆتۆبانەکانی ئەزبەر بێت!
شیعر دەبێ؛
بزانێ مەخزەنی کلاشینکۆف
چەند فیشەك دەگرێت!
شیعر دەبێ؛
بزانێ ئاوەڵزاوای وەزیری پێشوو کێیە!
کابرێتەری ئوتۆمبێل،
چەند بورغو و سەمونەی هەیە!
دوو ساڵی رێکە لە هەلێك دەگەڕێم
تێیدا بیر لەدایکم بکەمەوە..
دوو ساڵی رێك..!
ئەمڕۆ بوو بە ساڵی سێهەم!
ئەمڕۆ..!
وێڕای ئەوەش؛
هێشتا بەرگەگرتنی ساڵەکان
لە بەرگەگرتنی سەعاتەکان ئاسانترە..!

درەختەکان دەڵێن بەهار،
مەلەکان دەڵێن هێلانە،
بەردەکان دەڵێن سەبر،
زەوییەکان دەڵێ خاوەن،
مرۆڤەکان دەڵێن (بەختەوەریی)
بەڵام هەمووومان لە شتێکدا هاوبەشین،
لە داواکردنی ڕووناکیدا!
ئێمە نە درەختین و نە زەوی؛
کەواتە دەبێ بە هەموو
کەمووکورتییەکانمانەوە
بۆ بەختەوەریی؛
لەنێو حەرەمی خۆماندا بگەڕێین!

ئەی دیار لەبەر دڵ و
ئەی نادیار لەبەرچاو،
ئەی هەموو من..!(*)

كە دەرگا داخرا
ئیتر جیاوازی نییە
سەد مەتر لە من دووریی، یان سەد سەدە..!

له كەبابخانەیەك؛
گۆشتی چۆلەكەیان هەبوو
بیهێنە بەرچاوت؛
چواردە چۆلەكەیان،
كردبوو بە یەك شیشەوە برازندبوویانن!
ئێمە پێویستمان بە چۆلەكەكان هەیە و
ئەوان پێویستیان بە گەنم،
گەنم بە....
هەر ئەوەی
كە هاوچەشنەكانی خۆمان ناخوێن
جێگای سوپاسە..!

ئایا ژنان
لەو ڕووەوە
ناوی مەزنی ئەڤین دەبەن کە دایکن؟
نازانم!
بەڵام چاوەکانم لێکدەنێم؛
ئەندازەی کراسەکەت
هەنگوینی نیگات
و دەنگت...
بیرخۆم دێنمەوە..

وتت وەرە ژیان زۆر جوانە

ڕامکرد!

چاوت بۆ ناردم تا ببینم

جا بینیم!

پرسیم ئەم ئاگر بازییە چییە لە ئاسمان؟

ئەو کەناری جۆگا ڕوونە چییە؟

ئەو هەموو ڕاز و ڕەمزە،

ئەو هەموو سڕ و ئەسرارە چییە؟

منت هێنا حەیرانم بکەی؟

بۆ خاتری خوا!

منت هێنا پەرێشانم بکەی؟

بۆ خاتری خوا!

جا پەرێشانت نەبووم؟

جا حەیرانت نەبووم..؟

نزیکەی سێزدە هەزار و
سەد و چل جار نوستن و بێداربوونەوە!
دیسان نوستن و بێداربوونەوە،
دیسان نوستن و بێداربوونەوە،
لەسەر یەك زەوی و لەژێر یەك ئاسماندا!
بەرگەگرتنی ئەم ژمارەیە سەرسوورهێنە؛
پێویستی بە وزەی سەرو مرۆڤ هەیە!
هەرچۆنێ حسابی بکەیت؛
ماف دەدەیت بەخۆت،
کە پاش ئەم هەمووە؛
گەیشتیت بە حەقیقەتێك..؟
بە وەڵامێك؟
بە بەڵگەیەك؟
بە هۆکارێك؟
بە شتێك کە کەمێك
تەنها کەمێك ئارامییت بداتێ..؟!

## دانپێدانان

من ژیانم خۆش دەوێت،
بەڵام لە ژیانی دووبارە دەترسم!
ئاینم خۆش دەوێت،
بەڵام لە کەشیشەکان دەترسم!
یاسام خۆش دەوێت،
بەڵام لە پاسەوانەکان دەترسم!
ئەڤینم خۆش دەوێت،
بەڵام لە ژنان دەترسم!
منداڵانم خۆش دەوێت،
بەڵام لە ئاوێنە دەترسم!
سڵاوم خۆش دەوێت،
بەڵام لە زمانم دەترسم!
من دەترسم
کەواتە هەم..
ئاوەها ڕادەبووری ڕۆژ و ڕۆژگاری من!
من ڕۆژم خۆش دەوێت،
بەڵام لە ڕۆژگار دەترسم!

تەماشای سەعات دەکەم:

دەوروبەری سێی شەوە..

چاوم دادەخەم،

نەکا چاوەکانت لەبیر بکەم..

وەك خووی هەمیشەییم؛

دەچمە بەردەم پەنجەرەکە..

ورشەورشی چەند گڵۆپێکی میهرەبان و

سێبەری کێشداری شەوگەڕی چەماوە

حەپەی هەژێنەری سەگگەلێك و

بانگی ئاسمانی چەند کەڵەشێرێك..

وەك منداڵییم لەخۆشیان دەفڕمە ئاسمان

خۆشحاڵ کە هێشتا؛

ڕازی سەوزی

ڕووباری دوور تێنەگەیشتبووم..

باش دەزانم؛

کە ساڵانێکە مردووم..!

## هەنكەهەنك

لە بێشكەوە؛
هەنكەهەنكی گریان دەڕوات
مندالّی كەڕولالّ منم!
ترساو لە ڕاستییەك
كە وەك تیریێژێك لە ڕووناكی
بەسەر تەختی نێوچەوانمدا تێدەپەڕێ..
خوشك و برایان!
سوپاسگوزاری نیعمەتی خەم و خەفەت بن!
هەمیشە نێوانتان بە شادی بپارێزن،
پێنج یان شەش مانگ...
شادی جگە لە ڕازیبوون هیچی تر نییە!
پەڕەسێلكە دایكانە بەدەستی پڕەوە
دەگەڕێتەوە هێلانە،
ونبوو لە گلیزەی هەیوانی مالّێك
كە سالاّنێكە لە بیرچۆتەوە..!

زۆرم حەز لە شیلك بوو،
هەر لەبەر ئەوە شەوێکیان؛
شیلکەکەمانم بردە سەر جێگاکەم،
تا لەگەڵ خومدا بیخەوێنم..
بەیانی کە هەستام تەماشا دەکەم؛
شیلکەکە هەمووی پان و پلیچ بۆتەوە..
ئەو کاتە زانیم ئەوەی کە خۆشمەوێ؛
نابێ بیبەمە جێگاوە، چونکە خراپ دەبێ!
کە چومە مەکتەب؛
بۆیەیەکی ئاوییم هەبوو زۆرم خۆش دەویست
نیشانی یەك بەیەکی هاوپۆلەکانم دەدا،
ڕۆژێ تەماشا دەکەم؛
لە ژانتاکەمدا نەماوە!
ئەو کاتە تێگەیشتم،
نابێ ئەوەی کە خۆشم دەوێ
نیشانی کەسی بدەم،
چونکە لەوانەیە لێم بدزن!
کاتێ کەسێکم خۆش دەویست؛
پێم دەوت کە خۆشم دەوێ و
لەبەر ئەو هەموو شتێکم دەکرد..

بەڵام کاتێ تەماشا دەکەم خەریکە
جێم دەهێڵێ؛
تێگەیشتم کە ئیتر نابێ پێی بڵێم خۆشم
دەوێیت،
ئەگەرنا لە دەستی دەدەم!
هەر لەبەر ئەوە ئیتر نەمگوت خۆشم دەوێی،
وازم لێهێنا،
لە دەستمدا نەمگرت؛
نەکا بکەوێ و بشکێ..
نیشانی کەسم نەدا؛
نەکا لێم بدزن..
نیگەرانی لەدەستدانی نەبووم،
نەکا لەدەستی بدەم..
بەڵام
ڕۆژێکیان کە گەڕامەوە دیتم؛
لەگەڵ کەسێکی تردایە و
منی فەرامۆش کردووە..
نا... هیچ کاتێك فێرنەبووم
ئەوانەی کە خۆشم دەوێن؛
چۆن بیان پارێزم..!(*)

ئەبێ خۆشەویستی بکەین.. ئەرێ..
چونکە خۆشویستن
خاڵی سەر باڵی ڕۆحمانە..
ئێمەیان بە خۆشەویستی
لە ماڵی خوداوە نادرە سەر زەوی،
هەروەك پەپوولە
بە کۆڵ و باری هەزار ڕەنگییەوە..
خۆشویستن وشەیە و
وشە ژەهرە
کە شەیتان
بەسەر ترێی ڕەزی ژیاندا ڕژاندویەتی،
تا ئێمە نەخۆش خات..
ئەوەندە نەخۆش؛
کە ناچاری وەرگرتنی
سزای دووبارەی
ئەزموونەکانمان ببین و بووین..

ئێستا بێ هیچ هیوایەك بەردەوام؛
دەبێ هەموو شەوێ؛
خۆشویستن.
وەك ددانشۆردنی منداڵان
بیری یەکتر بهێنینەوە..
بیرهێنانەوە واتە دووبارەکردنەوە..
لە کتێبی
گوناهە گەورەکاندا بۆ مرۆڤ؛
چ گوناهێك پێدەزانی
لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکانی
گەورەتر بێت..؟!

هاوڕێ؛
ئارامییەکی زۆر سەیرە!
دەتوانی لەگەڵیدا خۆتی خۆت بیت!
دەتوانی بێ شەرمکردن؛
باسی ئازارەکانتی لەگەڵدا بکەیت،
چەند ناچیز بێت، چەند گران بێت!
دەتوانی لەبارەی کەرێتییەکانیشەتەوە
قسەی بۆ بکەی!
هاوڕێ؛
هەڵبژاردنی ئازادی تۆیە، بژاردەی تۆیە!
ناوی لە ناسنامەکەتدا نانووسن،
ناوت لە ناسنامەکەیدا نانووسن،
هاوڕێ خوو نییە،
نەریت نییە،
پاساو نییە،
هاوڕێ؛
لە هەموو پەیوەندییەك جیاوازترە!
هاوڕێ چەترێکی دڵگیرە
تا ماندوێتیت لەژێریدا
بە فەرامۆشی بسپێریت..

## تەنیاکەوتن

ناوی چەند کەس ببەم،
-ژن یان پیاو جیاوزی نییە-
کە هاتنە دونیاوە؛
پێکەنین،
گریان،
ئاواتیان هەبوو،
هەوڵیان دا،
ئەڤینداربوون،
بێداربوون،
ترسان،
خۆشحاڵ بوون..؟

ناوی چەند کەس ببەم،
-ژن یان پیاو جیاوزی نییە- کێ بوون،
ڕەنگەکانیان دەناسی،
سەفەریان کردبوو،
گوڵەکانیان بۆن کردبوو،
لە مەرگی ئەوانی تردا گریاون،
لەژێر باراندا تەڕ بوون..؟

ناوی چەند کەس ببەم،
-ژن یان پیاو جیاوازی نییە-
خراپکاربوون،
خەڵکیان دەترسان،
خەڵك دەیترسانن،
ناویان هەبوو،
ژیان و
مردن..؟

بۆ ئەوەی تۆ
تەنانەت ناویشیان ببیستی
ئەڤینداربوون،
شکستیان هێنا،
نامەیان نووسی،
نامەیان وەرگرت،
گۆرانییان چڕی،
گریان،
تەنیاکەوتن..

***

ئەم هەموو ڕاکردن و تراویلکەیە
ئەم هەموو درەوشانەوە و ڕشاییە
من تاکوو کوێ هاتووم؟
چۆن بگەڕێمەوە؟
چەندە درێژە سێبەرم
چەندە شینەوبووە پێیەکانم
من لەکوێ خەوم لێ کەوت؟
من شتێکم بە دەستەوە بوو!
لەکوێ لە دەستم کەوت؟
من دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ منالْیی..
بەڵێن دەدەم؛
قاچم لەماڵ نەبەمە دەرەوە،
نەکەومە دوای سێبەرەکەم..
تالْی تالْم،
چەشنی خورمایەکی
نەگەیووی کەسك

سەرمامە و

دەزانم هیچ کاتێکیش نابم بە خورما

چەندە غەریبم لەسەر ئەم چڵە سوورە

من دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ مناڵیی

نابێت! نابێت! نابێت! نابێت! نابێت!

پێڵاوی گەڕانەوە تەنگە بە پێمان

ئەوە ناکرێ بە پێی پەتیی بگەڕێمەوە؟

پردی گەڕانەوە ناتوانێت ئێمە هەڵگرێ!
گەڕانەوە مەحاڵە!

بۆ تێپەڕبوون لە مەحاڵ دەبێت کێ ببینم؟

خەون، خەون، خەون، خەون

خەون لە کوێ ببینم؟

لە خەودا؟

دەی خەو لە چاوم ناکەوێ!

تا سێ بژمێرە.. یەك و دوو

سێ و چوار

پێنج و شەش

حەوت و هەشت

نۆ و دە.....

## خۆنووسینەوەکان

چەند ڕۆژێکە شێت و شەپریوم!
وەك هێستریك
کە کێشی باری سبەینێی دەزانێت
سست و کەنەفتم..
ئەڤینیش
چەند کیلۆ مۆز، نا،
چەند گرنگە
بۆ نەخۆشێك
کە بەئاستەم هەناسە دەدات!
قەڵەمجاف
هەموو داهێنانێکی ئەدەبی پیس دەکات
قەڵەمدار ڕاستەقینەترین قەڵەمە،
بۆ خوازەی دۆستانە و
بەڵێنی قەڵەمانی س.ێ.ك.س.ی!
هەست دەکەم،

دەبێ کێشم چوار کیلۆ زیاد بکەم و
داراییەکەم دوو بەرانبەر بکەم،
تا بتوانم شکۆی بوون،
بە پەخشانێکی کلاسیک وەسپ بکەم!
خۆنووسینەوەکان،
دەستکاری پەیامبەرەکانن؛
کاغەزە زەردەکان
لە پارچە زەوییەك دەچن،
کە لە دەستێکی خاوێنەوە
بە میرات جێمابن..!

***

## کە من دەمرم

کاتێک دەمرم
هیچ شتێک ڕوونادات!
نە شوێنێک لەبەر من دەیکات بە پشوو،
نە لە هەواڵەکاندا باس دەکرێ
نە لە ڕۆژژمێردا
بەدێرێ ناوەکەم دەنووسرێ
تەنها..
قژی دایکم،
کەمێک سپیتر دەبێ و
باوکم، کەمێک شکستە تر..
خزمانیش،
چەند ڕۆژێک پشوودەدەن و ناچنە کار
هاوڕێکانم،
دوای بەخاکسپاردنم،
دەچن بۆ کەباب خواردن!

هێواش هێواش

دەست دەکەن بە پێ کەنین..

بەڕاست لەبارەی یارەکەمەوە بڵێم:

ها!

ئەویش بە پێکەنینەوە،

لە باوەشی یەکێکی دیکەدا،

من لەبیر دەکات.

من تەنها گۆڕهەڵکەنەکە ماندوو دەکەم و

ئەوانەی ستایشی ئەو چاکانەم دەکەن،

کە نەمبووە و

فرمێسکی تیمساحیی دەڕێژن..!

سەرەنجام؛

من تەنیا دەمێنمەوە و

گۆڕێکی تاریک و سارد..

من دەمێنمەوە و

خەمە هەمیشەیەکانم

کە لەگەڵمدا دەمێننەوە..!

تەماشای ئەم دونیایە بکە؛

قسە قسە دێنێ، پارە پارە دێنێ، خەو خەو دێنێ، بەڵام خۆشەویستی خیانەت دەهێنێت! بریا هەمووان تێدەگەشتن کە خۆشەویستی بەخشین بە قەلەڕەشێک کە دڵی هەیە، هەزار هێندەی خۆشەویستی بەخشین بە تاوسێک باشترە کە تەنها جوانی هەیە! بریا دەکرا پەنجە بکەین بە قوورگماندا و هەموو خۆشەویستیەکان بە یەکجار بێنینەوە، وەفاداری مرۆڤەکان زەمەن دەیسەلمێنێ نەک زمان. ژیان فێری کردم کە هیچ شتێک لە هیچ کەسێک دوور نیە!

هەرگیز ئەو ڕستەیە لە یاد مەکە:

"بۆ وەڵامی (خۆشم دەوێیی) هەندێک کەس، تەنانەت وتنی وشەی (سوپاس)یش زیادەیە!" (*)

که دەوڵەمەنـد بیـت، بەفـر دەبێـتە بیـانوویەک بـۆ کڕینـی جلـی تـازە و ڕۆشـتن بـۆ یـاری خلسـکێنەی سـەر بەفـر و چێـژ وەرگـرتن لە ژیـان... بەڵام خـوا ئەو ڕۆژە نەهێنێـت کە هەژار بیـت و بەفـر ببارێـت، لە بـێ کـار بـوونی بـاوکە کرێکـارەکەت بیگـرە تـا کـون تـێ بـوونی پێڵاوەکانـت و دڵـۆپە کردنـی سـەقفی خـانووەکەت... بـۆچی دەبێـت پـارە دیـاری بکات؛ کە بەفر نیعمەتە یان عەزاب؟! (*)

بینیوته کاتێک بادەمێکی تاڵ دەخۆی، خێرا بە دوایدا چەند بادەمێکی شیرین دەخۆیت تا تاڵیەکە لە ناو ببات. خۆ ئیدی تۆ چێژ لەو بادەمە شیرینانە وەرناگری، بەڵکو تەنها دەتەوێ تاڵییەکە لە دەمتدا لابات، هەر ئەوەندەی تاڵاوەکە لە زارتدا ڕۆی، ئیدی دەترسی بادەمی تر بخۆیت نەکا دیسان تاڵ بێت.

ئەڤینیش وەکو ئەو بادەمە تاڵە وەهایە، دوای خۆی بە خەڵکی زۆرت دەناسێنیت، بەڵام تەنها بۆ لەبیرکردنی ئەوە.

مرۆڤەکان یەک جار بەڕاستی دەکەونە ئەڤینەوە، لە دوای ئەو جارە یان بۆ فەرمۆشکردنی ئەڤینی یەکەمە، یا لەترسی تەنیاییە. (*)

ئەڤـــین درۆیەکـــی ئـــاڵۆز و شـــیرین و ســـەیرە،
نـــاوێکی خـــوازراوی ئەو ئومێـــدە بەدینەهـــاتوانەیە
کە شـــەممەمان بە یەکشـــەمە دەگەێنێـــت...
ئەڤـــین درۆیەکـــی فریـــوەدەرە کە ناچارمـــان
دەکـــات لە حەوشـــەدا بەدووی شـــتێکدا
بگەڕێین، کە خۆی لە گیرفانمادایە!

جێی خۆیەتی وێڕای سوپاس و پێزانین بۆ هەموو هاوچەشنەکانم و مرۆڤایەتی و مێژوو و شارستانییەتیان، گلەییەکیان ئاراستە بکەم کە بۆ دەبێ پێڵاوەکانمان بە بەهای قاچەکانمان بکڕین؟ بۆچی بۆ ژیانێکی سادە و ئاسایی ئەو هەموو درۆ و دزییە بکەین؟ بۆچی دەبێ جوانی ژیان تەنها لە قۆناغی منداڵییماندا ئەزموون بکەین؟ بەراورد بە تاریکیی قورس و گەورەی (نەبوون)؛ هێشتا (بوون) نیعمەتێکە، هەرچۆنێک بێت شیرینتر و دڵگیرترە..

# I'm Love with Love but Scared of Women

**Hossein Panahi**

Translated by Twana Amin


لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار

نرخ: ٣ هەزار